بلینکن: ئیسرائیل ئاگاداری نەکردوینەتەوە کە هێرش دەکاتە سەر ڕەفەح



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئاماژە بەوە دەکات، وڵاتەکەی ئاگەداری هیچ وادەیەکی ئیسرائیل نییە بۆ هێرشکردنە سەر ڕەفەح؛ دەشڵێت، لەگەڵ هەر یەك لە قەتەر و میسر کاری بەردەوام دەکەن بۆ ئەوەی بگەنە ئاگربەست لە غەزە.

ئەنتۆنی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی ئاگەداری هیچ وادەیەکی ئیسرائیل نییە بۆ هێرشکردنە سەر ڕەفەح. هەروەها پێشبینیشی کرد هەفتەی داهاتوودا سەبارەت بە بارودۆخی غەزە، چاوی بە بەرپرسانی ئیسرائیل بکەوێتەوە.

ئەنتۆنی بلینکن ئاماژەی بەوەیش کرد، واشنتن لەگەڵ هەر یەك لە قەتەر و میسر کاری بەردەوام دەکەن بۆ ئەوەی بگەنە ئاگربەست لە غەزە.

لە بەشکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کردووە، توانراوە 400 بارهەڵگر هاوکاری مرۆیی بگەیەننە کەرتەکە، ئەمەیش گەورەترین کاروانی هاوکارییەکانە کە لەوەتەی 7ـی

ئەکتەبەری هابردووەوە گەیشتبێتە کەرتی ناوبراو.